
ڕووداو
ئەدەب و کولتوور






# ژیان و شیعرەکانی مەحموود دەروێش دەکرێنە کوردی

ئا: ئەدەب و کولتوور

نووسەر و وەرگێڕی کورد، ئازاد بەرزنجی کۆمەڵە شیعرێکی شاعیری عەرەب مەحموود دەروێش و هەڵوێستە سیاسییەکانی دەکاتە کوردی و لە دووتوێی کتێبێکدا بڵاویان دەکاتەوە.

ئازاد بەرزنجی بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "(لەبیر دەچیتەوە وەک ئەوەی هەرگیز نەبوویت) ناونیشانی کتێبەکەیە کە نزیکەی 300 لاپەڕەیە. کۆمەڵێک شیعری هەڵبژاردەی مەحموود دەروێش دەگرێتە خۆی کە خۆم هەڵمبژاردوون، هەروەها دوو قەسیدەی درێژی ئەوی تێدایە: (دیواربەند) و (زارهەڵدەر). جگە لە دوو گفتوگۆ کە کاتی خۆی لەگەڵ مەحموود دەروێشدا کراون و تێیاندا باس لە ژیان و لە دنیای شیعریی خۆی دەکات، هەروەها هەڵوێستە سیاسییەکانی خۆی و مەسەلەی فەلەستین".

ئازاد بەرزنجی هەر خۆی پێشەکی بۆ کتێبەکە نووسیوە و دەڵێت: "ئەمە یەکەمجارە هەڵبژاردەیەکی ئەم شاعیرە لە دووتوێی کتێبێکدا بە کوردی چاپ بکرێ". گوتیشی "کتێبەکە لەلایەن ناوەندی غەزەلنووسەوە لە چاپ دەدرێ و بڕیارە مانگی داهاتوو بکەوێتە نێو کتێبخانەکانەوە".

مەحموود دەروێش، شاعیری فەلەستینی لە 13ی مارسی 1941 لە فەلەسیتن لەدایکبووە و لە 9ی ئەیلوولی 2008 لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆچی دوایی کرد. دەروێش وەسیقەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی فەلەستینی نووسیوە. ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتیمانی فەلەستین بووە. بەهۆی لێدوانە توندەکانی لە دژی ئیسرائیل، چەندین جار دەستگیرکراوە.

# حەمەکەریم عارف ڕەبەنێکی ڕەشپۆش چاپ دەکات



ئا: ئەدەب و کولتوور

نووسەر و وەرگێڕ حەمەکەریم عارف، کۆمەڵە چیرۆکێکی نووسەری ڕووسی ئانتۆن چێخۆف دەکاتە کوردی.

حەمە کەریم عارف لەوبارەوە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕەبەنێکی ڕەشپۆش، کۆمەڵێک چیرۆکی هەڵبژاردەی چێخۆفە کە لە کات و قۆناغی جیاوازدا و ناوبەناو لە سەرچاوەی جیاوازەوە هەڵمبژاردوون و هەندێکیان لە بڵاوکراوەکاندا، پێشتر بڵاوکراونەتەوە".

گوتیشی: "ئێستا لەژێر ناوی ڕەبەنێکی ڕەشپۆشدا کۆمکردوونەتەوە کە بریتییە لە 17 چیرۆکی هەڵبژاردە و لە 473 لاپەڕەدا لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە".

ئەنتوان چێخۆڤ (1860–1904)، یەکێکە لە چیرۆکنووسە هەرە دیارەکانی ڕووسیا و نێوبانگێکی جیهانیی هەیە بەتایبەتی لە کورتە چیرۆکدا، بە دامەزرێنەرێکی هەرە گەورەی ژانری کورتەچیرۆک دەژمێردرێ کە پاشان بوو بە قوتابخانەیەکی ئەدەبی.

چێخۆڤ، زیاتر لە 400 بەر هەمی هەمەجۆری وەک: کورتەچیرۆک، چیرۆکی درێژ، نۆڤلێت، شانۆنامە، یاداشت، گوتار و نووسینی دیکە.

# 10 کتێبی حەمەسەعید حەسەن ئامادەن بۆ چاپ



ئا: سیروان عەباس

نووسەر و ڕەخنەگر حەمەسەعید حەسەن، نووسینی 10 کتێبی خۆی تەواو کردووە و ئێستا ئامادەن بۆ چاپ، بەڵام دیار نییە کەی چاپیان دەکات.

حەمەسەعید حەسەن بە ئەدەب و کولتووری ڕووداوی ڕاگەیاند: 10 کتێبم تەواو کردوون و ئامادەی چاپکردنن، گوتیشی کە زۆربەیان ڕەخنەیین و لەسەر ئەدەبی جیهانین.

حەمەسەعید حەسەن گوتی: "یەکێک لە کتێبە ئامادەکانم ناوی "داکۆکی لە جوانی"یە کە نێوەڕۆکەکەی بابەتی فیکری و ڕەخنەیە لە ئەدەبیاتی جیهانی. هەروەها کتێبێکی دیکەی ڕەخنەیی و لێکۆڵینەوەم لە ڕۆمانی جیهانی ئامادەیە بۆ چاپ کە باس لە 30 ڕۆمانی ئەمریکی، ئەورووپی، کوردی و عەرەبیی بەنێوبانگ دەکات".



# ناتالی ساڕۆت، نووسین وەك پڕۆژەی تەمەن



نووری بێخاڵی

ناتالی ساڕۆت (ناتاشا چرنیاک)، ڕۆماننووس و شانۆنامەنووسی فەڕەنسیی بە ڕەچەڵەک ڕووسی، ساڵی 1900 لە ئیڤانۆڤۆ لە نزیک مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا لەدایکبووە. بەهۆی هەڵوێستە سیاسییەکانی باوکی و تەنگپێهەڵچنینی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی ڕووسیای قەیسەری، خێزانەکەی لەساڵی 1907 ڕوویان کردووەتە فەڕەنسا و لە پاریس گیرساونەتەوە. لەگەڵ دایکی وڵاتانی ئەڵمانیا و بەریتانیا و سویسرا گەڕاوە. بەرلەوەی بڕوانامە لە بواری زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە ئۆکسفۆرد وەربگرێ، لە بەرلین لە بواری (توێژینەوەی مێژوویی، کۆمەڵناسی) و لە پاریسیش لە بواری (یاسا و ماف) خوێندنی ئەکادیمی تەواو کردووە. ساڵی 1925 هاوسەرگیری لەگەڵ (ڕیمۆن ساڕۆت)ی پارێزەر کردووە و پاشناوەکەیشی (ساڕۆت)، هەر لەو وەرگرتووە.

ساڕۆت لە تەمەنێکی زووەوە هۆگری خوێندنەوە بووە، خولیای ناسین و ڕۆچوون بە دونیای نووسەرە مەزنەکانی وەک (مارسێل پرۆست، جێمس جۆیس، ڤێرجینیا وۆڵف و دۆستۆیڤسکی) پەلی گرتووە تا دواجار بەم ناوبانگەوە کەوتە سەر زاران و شوێنێکی دیاری لە مێژووی ئەدەبی جیهانیدا بۆ خۆی گرت. نەک هەر ئەوە، بگرە توانی ڕەوت و ڕێچکە و شێوازێکی نوێ بێنێتە ناو دونیای ڕۆماننووسی و بە دوای ئەودا، چەندین نووسەری ناسراو، شوێنپێیەکانی هەڵبگرن.

### لە خەونەوە بۆ داهێنان

ساڕۆت ساڵی 1932 دەستی دایە نووسین، یەکەم ڕۆمانی کە لەساڵی (1939) بڵاوبووەوە، زۆر نەبووە جێی سەرنجی ڕەخنەگرانی ئەدەبی، بەڵام ڕۆمانی دووەمی بە ناوی (وێنەی نەناسراوێک – 1946) کە (سارتەر) پێشەکیی بۆ نووسیوە، تەقینەوەیەکی گەورە بوو لە نێوەندی ئەدەبیی فەڕەنسی و تەنانەت ئەوروپیشدا.

سارتەر لە پێشەکیی ڕۆمانە نوێیەکەی ساڕۆتدا، ئەم شێوازە نوێیەی نووسەری ناو نا (نارِۆمان). ئیتر دوای ئەم بەرهەمە و تا ڕۆژی مردنیشی، کاریگەریی دیاری بەسەر نێوەندەکەدا مایەوە. ساڕۆت تەمەنی گەیشتبووە نەوەد ساڵ، کەچی هێشتا هەر وەک کچە گەنجێکی زیتەڵە و چاپووک، بە خەونی داهێنانی دیکەوە، بە ئامانجی مانەوەی کاریگەری، بە بوێری و نوێبوونەوەی بەردەوامەوە، دەینووسی.

ساڕۆت، یەکێکە لەو دەگمەن نووسەرانەی سەردەمی خۆی کە لە چوارچێوەی زنجیرە بڵاوکراوەکانی بەناوبانگی (بلیار)دا، کارەکانی وەک کۆبەرهەم بڵاوکرانەوە. ئەو زنجیرەیەی پێشتر کۆبەرهەمەکانی (بەلزاک و هەمنگوای و کافکا)ی بڵاوکردبوونەوە.

بە تەنیشت ڕۆماننووسییەوە، ساڕۆت ژمارەیەکی زۆر چیرۆکیشی نووسیوە: (درۆ- 1967) و (شتێکی جوانە- 1975) و (ئەو لێرەیە- 1978). ئەمە جگە لە ژیاننامەکەی (بایۆگرافیا) کە ساڵی 1983 بەناونیشانی (منداڵی) بڵاوکرایەوە و تێیدا یادەوەریی خۆی دێنێتە قسە و سەرەتاکانی تەمەنی و قۆناغ و وێستگەکانی ژیانی نووسیوەتەوە.

### ناتالی، پێشەنگی ڕۆمانی نوێ

ساڕۆتی بە ڕەچەڵەک ڕووسی، وەک بناغەدانەری ڕۆمانی نوێی فەڕەنسی دەناسرێ، هاوکات یەکێکیشە لە پێشەنگەکانی (ڕۆمانی نوێ)ی ئەوروپی. ئەو شێوازەی وەرچەرخانێکی گەورەی بەسەر ڕۆمان و ئەدەبی ئەوروپیدا هێنا. تەنانەت کاریگەریی ڕاستەوخۆی بەسەر شێوازی ڕۆماننووسین لە تەواوی جیهاندا هەبوو، بە تایبەتی ئەدەبی دوای جەنگی دووەمی جیهانی. ڕۆماننووسێک کە بەهۆی داهێنانەکەیەوە، ڕێگای بۆ زۆر نووسەری تر کردەوە تا هەمان ڕەوت و ڕێچکە و ڕێباز و شێوازی نووسینی ئەو بگرنە بەر، لەوانە (میشێل بۆتۆر، ئالان ڕۆب گریێ و کلۆد سیمۆن).

> **ناتالی وەک ڕۆماننووسێکی ئەزموونگەر لە پێناوی دۆزینەوەی کیشوەری سروشتیی مرۆیی، بووە یەکێک لە کۆڵەگە پتەو و بەرزەکانی ئەدەبی جیهانی**

ڕۆمانەکانی (کورتەیەک لەبارەی نەناسراوێک، یان وێنەی نەناسراوێک- 1946) و (سەردەمی گومان- 1947) و (مارتۆر- 1953) و (بلانتاریۆم- 1959) و (بەرهەمە زێڕینەکان- 1963) و (گوێت لێیەتی؟- 1972) و (بەکاربردنی وشە- 1980) و (منداڵی- 1983) و (تۆ خۆتت خۆشناوێت – 1989)، ئەمانە و کۆمەڵێک بەرهەمی تر و لەگەڵیاندا کۆچیرۆکی (هەڵچوونەکان)، بە نموونەی دەگمەنی داهێنانەکانی ئەم نووسەرە دادەنرێن، ئەو نووسەرەی لە تەمەنی نەوەد ساڵیشدا لە وزەی نووسین و داهێنان نەکەوت و لەو تەمەنەدا، دوو ڕۆمانی دیکەی پڕ ڕەواجی نووسین: (ئێرە — 1995) و (بیکەنەوە — 1997).

سەرەڕای ناوبانگی جیهانی، وەک ڕێزگرتن لە کۆشش و کاریگەرییەکانی و لە پای کار و بەرهەمە ئەدەبییە داهێنەرەکانی، ساڕۆت چەندین خەڵاتی ئەدەبی پێبەخشراوە. لەوانە، خەڵاتی نێودەوڵەتی بۆ ئەدەب (1964)، خەڵاتی گەورەی نیشتمانی بۆ ئەدەب (1982)، لەگەڵ خەڵاتی مەزنی یەکێتیی نووسەران و شانۆنامەنووسان (1996).

### ناتالی و کۆمیدیای ڕەش

ناتالی وەک ڕۆماننووسێکی ئەزموونگەر، هەروەها وەک بناغەدانەری ڕۆمانی کۆمەڵایەتی، بە بەرجەستەکردنی بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی، بە ڕۆچوون بە قووڵایی ژان و خەمە مرۆییەکان، بە مەلەکردن بە ئاراستەی شەپۆلەکان، لە پێناوی دۆزینەوەی کیشوەری سروشتیی مرۆیی، بووە یەکێک لە کۆڵەگە پتەو و بەرزەکانی ئەدەبی جیهانی.

ئەو جگە لەوەی ڕۆماننووسێکی داهێنەر بوو، هاوکات شانۆنامەنووسێکی دەستڕەنگین و بە سەلیقەیش بوو. بە جۆرێک کە هاوشێوەی ڕۆمانەکانی، لە نووسینی شانۆنامەشدا خاوەنی شێواز و ڕێچکەی تایبەتی خۆی بوو. جیاواز لە زمانی نووسینی ڕۆمان، لە نووسینی شانۆنامەشدا زمانێکی دیکەی جیاوازی لە وێناکردنی سروشتی پەیوەندیی نێوان کاراکتەرەکان و کۆمەڵگا، بەرهەمهێنا. کاریگەری و کارتێکراویی مرۆڤ و گرووپەکان بەسەر یەکترەوە، ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوانیان، ڕەنگدانەوەی پاشخانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ڕۆشنبیریی نەوەکان بەسەر ململانێکان، سروشت و چییەتی و ماهیەتی شەڕی نەوەکان، هونەرەکانی فریودان و تەکنیکەکانی لەداوخستنی مرۆڤ بۆ مرۆڤ. هەموو ئەوانە و زۆر شتی دیکە، ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەن کە ڕوخسار و ناوەڕۆکی شانۆنامەکانی ئەویان پێ دەناسرێتەوە.

کۆمیدیای ڕەش، تایبەتمەندیی دیاری نووسینەکانیەتی. تەوزیفکردنەوە و وێناکردنی دڵەڕاوکێ، خەمۆکی و ترسی باوی ناو کۆمەڵگا لە میانی ئەو ڕۆڵەی بە کەسایەتیی کاراکتەرەکان دەیدات، لەگەڵ گرێدانەوەی مامەڵە و سەرەدەریی کاراکتەرەکان بە کاریگەریی ڕووداو و شوێنکاتەکان، بە زمانی تەنز و بە دیمەن و گرتەی کۆمیدی، مرۆڤ ناچار بە هەڵوەستە و تێڕامان دەکات. نەناسراوی، یان ناودێرنەکردن، یاخود ڕاستتر بڵێین، بێ شوناسیی کەسایەتی و کاراکتەرەکان لە میانی بەکارهێنانی جێناوەکانی (ئەو، ئێمە، ئەوان) بۆیان. دیاریکردنی ڕۆڵ و پێگەی مرۆڤ لە شوێنکات و لەناو ڕووداوەکاندا، کاریگەریی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی، بەرگی ڕەشبینیی وشە و دەستەواژەکان، بەردەوامیی ململانێ و ناکۆکی.. ئەمانە و زۆر شتی دیکە، ئامرازی دەستی نووسەرن بۆ ئەوەی بمانخاتە بەردەم بیرکردنەوە لەمەڕ چارەسەری و دەرچوون لەو دۆخە ئاڵۆزە دەروونییەی تێیدا دەژین و ئەو ترسەی ناوەوەمانی تەنیوە.

### کەوتن بەسەر دڕکەزیی زماندا

تێگەیشتن لە ساڕۆت هەروا ئاسان نییە، کارێک نییە بە خوێندنەوەی بەرهەمێک و دووان و سیانی، پەی بە پێچ و پەنهانەکانی دونیای ئەو نووسەرە بەرین. خوێندنەوەیەک و دووان بەس نین، تا بزانین لە فلان بەرهەم چی دەوێ و لە فیساریان دەیەوێ چی بڵێ. بۆ ئەوەی برێک لە دونیای ئاڵۆزی نووسین و پەیامی ساڕۆت نزیک ببینەوە، خوێندنەوەی ڕووکەش، خوێندنەوەیەکی ئاسایی، فریامان ناکەوێ. بە پێچەوانەوە، بۆ نزیککەوتنەوە لە سنووری دونیابینی ئەم نووسەرە، پێویستیمان بە ڕۆچوونە قووڵاییەکانی نووسینەکانی هەیە، بە خوێندنەوەی شتە نەگوتراوەکانی، بەو شتەی پێی دەڵێن خوێندنەوەی ئەودیوی دێڕەکان، یان پشتی دەستەواژە و دەربڕینەکان.

کاتێ وەک خوێنەرێکی جددی، ڕۆمانەکانی ساڕۆت دەخوێنیتەوە، هەست بەوە دەکەیت کە شوێنکاتەکانی نووسین و ڕۆمان تێکەڵ دەبن، تا ئەو ئاستەی خوێنەر دەکەوێتە گومان لە توانینی پەیبردن بە کاتێکی دیاریکراو، بە شوێنێکی سنووردار، بە ناسینەوەی نووسەر و گێڕەرەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو نووسینەکانی بە جۆرێکن، خوێنەرێکی دەوێ، توانای بردنەوە سەریەکی شوێنکاتەکانی هەبێت، یان شوێنکاتی ڕاستەقینە لە مەجازییەکانی جیا بکاتەوە. خوێنەرێکی دەوێ، خاڵە هاوبەشەکانی نێوان کەسایەتی و ڕووداوەکان بدۆزێتەوە و ئەو هەموو ئاڵۆزییە سادە بکاتەوە.

لە ڕۆمانەکانی ناتالیدا، هەر گرتە و دیمەنێک، هەر ڕووداو و گێڕانەوەیەک، هەر کەسایەتی و ڕۆڵێک، بەرهەمی جۆرێک لە زمان و دەربڕینی جیاواز لەوەی دیکەن. بە مانایەکی دیکە، لە میانی گێڕانەوەدا، زمانێکی دیکەی جیاواز لەوەی پێی نووسراوە، لەدایک دەبێت.




> **لە ڕۆمانەکانی ناتالیدا، هەر گرتە و دیمەنێک، هەر ڕووداو و گێڕانەوەیەک، هەر کەسایەتی و ڕۆڵێک، بەرهەمی جۆرێک لە زمان و دەربڕینی جیاواز لەوەی دیکەن**

وەک ئەوەی لەناو بێستانی پڕ دڕک و داڵدا گوزەر بکەیت، ئاوا لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکانیدا، خوێنەر بەسەر کێڵگەی دڕکی زماندا دەکەوێ. لە زۆر شوێندا زمانێکی نیوەچڵ، ڕستەی تەواونەکراو، دیمەنی گۆشە نادیار، گرتەی پڕ سێبەر هەن کە هەر یەکێک لەم دابڕانانە، وەک دڕک دەچێ بە زەینتدا و ناچارت دەکا بۆ دەربڕینی پێش خۆی، بۆ دیمەنی پێشووتر بگەڕێیتەوە، یان ئەوەتا بە حەوسەڵەوە چاوەڕوانی گوزارشتی دواتر و گرتەی دواترین بکەیت، بۆ ئەوەی چاوت تەواوی گۆشە لاتەریک و سووچە شاراوەکان ببینێت.

هونەرمەندی و زیرەکیی ساڕۆت لە مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا لەوێدایە، زمانێکی نائاسایی، پڕ ئاماژە و تێما بەرهەم دێنێتەوە. زمانێک کە بە هۆیەوە، ڕۆمانەکانی نائاسایی و جیاواز لە هەموو ئەزموون و نموونەکانی دیکەی ڕۆمانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی، خۆیان نمایش دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا زمانی گێڕانەوەکانی، زمانێکە توانای وەسفکردن، هەڵاوێر، پێکان، گەیاندن، تەنانەت بەشتکردنی ڕووداو و گرتە و دیمەنەکانی هەیە. زمانێکە خوێنەر ناچار دەکات بێتە شوێنی نووسەر. واتە ببێتە بەشێک لەو کردەی نووسینە. بە مانایەکی دیکە، بوار بۆ خوێنەر دەکاتەوە کە لە دۆخی خوێندنەوەوە مل بداتە بەر ئەرکی نووسین و تەواوکردنی تەواونەکراوەکان، پڕکردنەوەی بۆشاییە نەگوتراوەکان. ئەم هەوڵە ناڕاستەوخۆیەی نووسەر بۆ بەشدارکردنی خوێنەر لە بەرهەمەکانیدا، هونەرێکە بوار بۆ ئەویدی دەکاتەوە، توانای دەربڕینی خۆی، ڕوانگەی خۆی، دونیابینی خۆی، لە میانی پرۆسەی بەشداریکردندا تەوزیف بکاتەوە. ڕاستە خوێنەر لە باری واقیعیدا ناتوانێ بە کردەنی لەو پرۆسەی بەشداریکردنەیدا بە پەراوێزەکانی خۆی، دووبارە هەڵی نووسینەوە و داڕشتنەوەی ڕۆمانەکە و سەرلەنوێ چاپ و بڵاوکردنەوەی بڕەخسێنێ، بەڵام لە پرۆسەی خوێندنەوەدا نووسەر ناچار بەوەی دەکات، خوێنەرێکی ڕاگوزەر و سادە نەبێت، بەڵکو دەیکاتە خوێنەرێکی بەرهەمهێن کە لە درێژایی پرۆسەی خوێندنەوەدا، لە تەنیا خوێنەرێکی دڵخواز و ڕاگوزەرەوە، ببێتە خوێنەرێکی بیرکەرەوە و نهێنی دۆزەرەوە. خوێنەرێک بتوانێ کۆدەکانی زمان بکاتەوە و بەرچاوی بینین و ئاسمانی بیرکردنەوەی، ڕوون و ڕۆشن و ئاوەڵا و بەرینتر بێت.




■ مەریوان هەڵەبجەیی

**شاعیرێکی کەتەلۆنی بە منداڵەکانی گوتووە: "من بۆ رزگارکردنی ئەم چەند پەیڤە ژیاوم کە بە میرات جێیدەهێڵم: عەشق، دادپەروەریی، ئازادی."**

## لەبارەی مەرگی دەروێشیان

# من لەسەر ئەم خوانە خوێناوییە دانانیشم



## 1

سارتەر دەڵێت مرۆڤ مەحکومە بە ئازادی، ئازادییش ئاسان بەدەست نایەت، پێویستی بە ئاگایی و شعووری بەرز و روانینی تاکخوازانە و مرۆڤگەرایانە هەیە، بەرانبەر نەبوونی یەکسانی و ئازادی، دادپەروەری و ستەمکاری، پێویستە بێدەنگ نەبیت و بەردەوام بە دەنگی بەرز هاوار بکەی تا بەرگری لە مافی خۆت و هاوچەشنەکانت بکەی. عەلی ئەشرەف دەروێشیان لەو نووسەر و رۆشنبیرانە بوو بە مانا سارتەرییەکەی، سەر بەو قوتابخانەیە بوو کە هەرگیز نەیتوانی بەرانبەر نادادی و ستەمکاریی کۆمەڵگەکەی بێدەنگ بێت. دەروێشیان لە خێزانێکی هەژار و کرێکاری کۆڵانی عەلاقەبەندان"ی گەڕەکی "ئابشووران"ی کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. ئابشووران لە هەژارنشینترین گەڕەکەکانی کرماشان بوو کە دواتر دەبێتە سەرچاوەی نووسینی زۆربەی چیرۆکەکانی و ناهێڵێت خەڵکی ئێران و جیهان لە هەر جوگرافیایەکی دیکە، بێبەش بن لە زانینی ئەو راستیانەی کە کەسانی تر لە جێگای تری ئەم جیهانەدا چۆن ستەمیان لێ دەکرێ، چەند بە دژواری دەژین و گرفتی پەیداکردنی نانی شەویان هەیە، منداڵەکانیان چۆن لەبەر هەژاری واز لە قوتابخانە دێنن، ئەوانەشی دەخوێنن چۆن لەبەر لاوازی و کاری زۆر و نەبوونی وزە لە پۆلدا بەلادادێن و بێهۆش دەبن، وەک لە چیرۆکی "نیەتی"دا دەیبینین. منداڵی و مێرمنداڵیی دەروێشیان لە هەژارترین کۆڵانەکانی کرماشان لە کۆچ و هەڵهاتنی بەردەوام لە تاو خاوەن قەرز و گۆڕینی بەردەوامی قوتابخانەدا تێدە پەڕێت. منداڵیی دەروێشیان پڕە لە تەنیایی و هەمیشە بێ هاوڕێیە. لە گفتوگۆیەکمدا لەگەڵی [گۆڤاری تەجرەبە، فارسی، ژمارە31 هاوینی 2014] دەربارەی ئەزموونی تاڵ و ناخۆشیی منداڵی دەڵێ: "یەکێ لە خاوەن قەرزە هەلپەرستەکان بە باوکمی گوت: تۆ بێکاری و پارەیەکی زۆریش قەرزداری، وەرە با بڕێ تلیاکت بدەمێ بیبە بۆ تاران! باوکم تریاکەکەی برد بۆ تاران، تا لەوێوە بیبات بۆ رەشت، پۆلیس تلیاکەکەیان گرت و باوکمیان خستە زیندان، ئەو کابرا بێویژدانە خاوەن قەرزە هات بۆ ماڵمان و بە دایکمی گوت: "ئێستا مادام هاوسەرەکەت لە زیندانە، دەبێ کوڕەکەت درێژە بە کارەکە بدات." کوڕە گەورەی ماڵ بووم و دوانزە ساڵان بووم، ئەوە یەکەم سەفەری من بوو بۆ تاران. تلیاکەکەیان لەنێو ترۆمبێلەکە شاردەوە و من و کەسێکی تر بەڕێکەوتین بۆ تاران، لە رێگە لەتاو ترس نەمتوانی بنووم، لەوە دەترسام پۆلیس بێت و تریاکەکە بدۆزێتەوە و ئێمەش بگیرێین. بیرم لەوە دەکردەوە گەر من بگیرێم کێ لەبری من کار دەکات و خەرجیی ماڵ دەردێنێ!".

منداڵێک لە دۆخێکی ئاوادا دەژی و گەورە دەبێ و تا سەر ئێسک هەژاری و نایەکسانی و دڵڕەقی دەچێژێت! شەوان لەتاو هاواری ئەشکەنجەدانی ئەو زیندانییانەی زیندانی تەنیشت ماڵیان ناتوانێ بخەوێ، کودەتای ساڵی 1953 و دوورخستنەوەی موسەدەق دەبینێ، پەنجاکانی سەدەی رابردووی ئێران و ئەو بێهیواییەی وا باڵی بەسەر ولاتدا کێشاوە، داخستنی چەندین بلاوکراوە و قەدەغەکردنی هەموو چەشنە چالاکییەکی مەدەنی و سیاسی، کێشکردنی لاوە خوێنگەرم و چالاکەکان بۆ نێو بەندیخانەکان، گەنجێکی بەرپرسیار و هۆشیار و جەسوور و ئاگادار لە خەمی هاوولاتیان و ئەو ستەمەی لێیان دەکرێ، دێنێتە وجود. عەلی ئەشرەف دەروێشیان ئەو گەنجەی هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ چوونە بەر خوێندن خراوەتە بەر کاری قورس و تاقەتپڕووکێن، شاگردی و تەنەکەچێتی و بەقاڵی و دەستفرۆشی و دەیان کاری دیکە ئەزموون دەکات، تا ئەوکاتەی دەبێتە مامۆستا، لە پەنای وانەگوتنەوەدا کرێکاریی کردووە و یارمەتیی خێزانەکەیانی داوە و نانهێنەری ماڵ بووە. دەروێشیان درێژەپێدەری رێبازی نووسەری گەورەی ئێران سەمەد بێهرەنگی دەبێت و تا کۆتایی بەرانبەر بەو رێبازە وەفادار دەبێت.

## 2

### دەروێشیان و بێهرەنگی:

سەمەد بێهرەنگیش وەکو عەلی ئەشرەف دەرویشیان لە خێزانێکی کرێکار لەدایک بووە، هەرلە منداڵییەوە بە هەژاری و نەداری ئاشنا بوو، لە یەک زانکۆدا خوێندیان و کەڵکیان لە ناسینی هەردوو نووسەر و رۆشنبیری دیاری ئێران سیمین دانیشوەر و جەلال ئال ئەحمەد وەرگرت، کە مامۆستا وهاوڕێ و رێنیشاندەری ئەو دوو قوتابییە تازە پێگەیشتووە بوون و پردێک بوون بۆ ئاشنابوون بە زۆر نووسەر و رۆشنبیری دیاری ئەو رۆژگارە و کاریگەریی بەرچاویان لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی دەروێشیان و بێهرەنگی دانا. لێکچوونی ژینگەی ژیان، خەم و ئازارەکانی خۆیان و هاوزمانەکانیان، پەراوێزبوونی هاوشارییەکانیان، نغرۆبوونیان لەناو بێکاری و هەژاری و نادادپەروەری و نایەکسانیدا، کاریگەری لەسەر تێڕوانینیان بۆ ئەدەبیات و سیاسەت و پرسە گرنگەکان دانا و بووە هۆی ئەوەی بیروباوەڕیان زۆر لەیەکەوە نزیک بێت و پاش خنکانی سەمەد بەشێوەیەکی گوماناوی لە ئاوی ئاراسدا، دەروێشیان یەکەم کتێبی لەساڵیادی کۆچی ناوادەی هاوڕێکەیدا بە ناونیشانی "سەمەد بە نەمری گەیشت" بڵاودەکاتەوە و لە ماوەیەکی کەمدا و بە تیراژی بیست هەزار دانە چەندین جار چاپ دەکرێتەوە و ناوبانگێکی زۆر بۆ دەروێشیان بەدەست دەهێنێت، هەر ئەو کتێبەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەروێشیان لەسەرەتای نووسینییەوە بکەوێتە ژێر چاودێریی ساواکەوە و مەمنوع قەڵەم بێت (بڵاوکردنەوەی لێ یاساغ دەکرێت). دەروێشیان پاش مەرگی سەمەد درێژەپێدەری رێگا و رێبازەکەی دەبێت و ئەو چەشنە لە ئەدەبیات دەنووسێت کە جیاوازە و پەردە لەسەر نەوتراوەکان لادەدات، ئەوەی میدیاکان باسی ناکەن و سانسۆر دەیشارێتەوە و نیشان نادرێت، دەبێتە چەقی کارکردنی چیرۆک و رۆمانەکانی دەروێشیان و ئەو نەهامەتی و کارەساتەی دەیان ساڵە دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان بەسەر هاوولاتییەکانی ولاتەکەیدا هێناویانە، لە چوارچێوەی ریالیستی رەخنەگرانەدا و بە زمانێکی پڕ لە هەست و رەوان و کاریگەر بڵاودەکاتەوە. لەبەرئەوەی زۆر زوو دەکەوێتە بەندیخانەوە، یەکەم چیرۆکەکانی لە بەندیخانەدا لەناو دەچن و ناگەنە بەردەست و دیدەی خوێنەران.

## 3

### گەڕانەوە بۆ گوندەکانی کوردستان

پاش خوێندن لە زانکۆی تاران و ناسینی زۆر نووسەری گەورە و چەندین بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەشداریکردن لە چەندین میتینگدا، کاتێک جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکانی کوردستان بۆ وانە گوتنەوە، ژیان و نەهامەتی و بێکاری و نەداریی هاوزمانەکانی دەبێتە بابەتی سەرەکیی رۆمان و چیرۆکەکانی و تا کۆتایی ژیانیشی ئەو کاریگەرییە بەسەرکۆی نووسینەکانییەوە دەبینرێت.

پاش چەندین ساڵ، یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی لەساڵی 1974 دا بڵاودەبێتەوە و لە سەرتاسەری ئێراندا دەنگدانەوەیەکی زۆری دەبێت و مژدەی هاتنی نووسەرێکی سەرکەوتووی سەر بە رێبازی ریالیزمی رەخنەگرانە دەدات. ئەم کۆمەڵە چیرۆکە لە ماوەیەکی کەمدا هەژدە جار چاپ دەکرێتەوە و دواتر قەدەغە دەکرێت. بە تۆمەتی ئەوەی ناڕاستەوخۆ سووکایەتی بە دەسەڵاتدارانی ئێران کردووە، دەخرێتە بەندیخانەوە. لەبەر سانسۆر و قەدەغە لەسەر بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی، کۆمەڵە چیرۆکی دووەمی بە ناونیشانی ئابشووران، بەناوی خوازراوی لەتیف تەڵخستانییەوە بڵاودەکاتەوە، بە هەمان شێوەی کتێبی یەکەمی پێشوازییەکی زۆری لێ دەکرێت، بەهۆی ساواک و چاودێریکردنی بەردەوامی، ناچار دەبێت بە چەند ناوی دیکەی وەک عەلی کرماشانی، بێهروز نیکگۆ و چەندین ناوی خوازراوی دیکەوە بەرهەمەکانی بڵاوبکاتەوە، لەسەر نووسینەکانی دەستگیر دەکرێت و دوایین جار سزای یانزە ساڵ بەندکردنی بەسەردا دەدرێت، لەپاش حەوت ساڵ بەندکردن، لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران و شکاندنی زیندانەکاندا ئازاد دەبێت. ئەزموونی بەندیخانە یەکێکی دیکە لە تێما سەرەکییەکانی چیرۆک و رۆمانەکانی دەروێشیانە و یەکێکە لەو دیارترین نووسەرانەی ئێران کە زۆر بەجوانی کەشی پڕلە ترس و دڵڕەقیی ناو بەندیخانەکانی ئێران و جەلادەکانی ناو زیندانی نیشان داوە.

## 4

### دەروێشیان پاش شۆڕشی گەلانی ئێران:

دەروێشیان پاش شۆڕشی گەلانی ئێران درێژەی بە رێبازەکەی دا، هەمیشە بە نووسین و کاروچالاکییەکانی لە ناوەندی نووسەرانی ئێراندا دژی سانسۆر و نادادپەروەری و نەبوونی ئازادی خەباتی کرد و لەو پێناوەشدا باجی زۆری دا، بۆ هەمیشە لە پیشەی مامۆستایەتی دوورخرایەوە کە پیشەی دڵخواز و خۆشەویستی ژیانی بوو. لە کاریگەرترین ئەندامانی ناوەندی نووسەرانی ئێران بوو، چەند ساڵێکیش بەرپرسی گشتیی ئەو ناوەندە بووە. ئەو باوەڕی وابوو سەرلەبەری سیستەمی پەروەردەی ئێران نادروست و نامرۆییە و دەبێت هەڵوەشێتەوە و پەروەردەیەکی مرۆیی و ئاشتیخوازانە جێگای بگرێتەوە، تا بتوانێت لە خزمەت سەرجەم نەتەوەکانی ئێراندا بێت، باوەڕی وابوو بۆ گۆڕانکاریی بونیادی لە کۆمەڵگەدا، دەبێت لە پەروەردەی منداڵانەوە دەست پێ بکرێت و ئەو توێژە کاریگەرە لە ماف و ئازادی و ئارەزووەکانیان ئاگادار بکرێنەوە و خاوەن پەروەردەیەکی تەندروست بن. لەبەر قەدەغەبوونی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی ئێراندا و لە هەموو سەردەمەکاندا، ئەو و چەندین هاوزمانی تری بە ناچار بە زمانی فارسی دەیانخوێند و دەیاننووسی، بەڵام هیچ کات ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی عەلی محەممەد ئەفغانی، لاری کرماشانی، مەنسوور یاقوتی و چەندین نووسەری تری کورد و لەسەروو هەموویانەوە دەروێشیان، بەدەر نەبوون لە غەمەکانی مرۆڤی کورد و نەهامەتییەکانی. سەرتاسەری چیرۆک و رۆمانەکانی دەروێشیان پڕن لە پەند و گوتە و داستان و فۆلکلۆری کوردی و گەنجینەی دەوڵەمەندی کولتووری نەتەوەکەی و زۆر بە وردی کاری لەسەر کردووە و کاریگەریی زمانی دایکی و تایبەتمەندییەکانی ناسنامەی کوردی زۆر باش نیشان داوە.

## 5

### دەروێشیان و ناوەندی نووسەرانی ئێران:

دەروێشیان پاش شۆڕشی گەلانی ئێران شێلگیرانەترلە پێش شۆڕش خەباتی کرد لەپێناوی ئازادیی بیروڕا دەربڕین و مافەکانی مرۆڤ و جگە لە نووسینی زۆر لە بڵاوکراوەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات و بەستنی چەندین سیمینارو کۆڕو کۆبوونەوە لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران، بەشێکی زۆر لەکاتی خۆی تەرخان دەکات بۆ ناوەندی نووسەرانی ئێران و بەرگریکردن لە مافی ژنان و منداڵان و بەندکراوانی سیاسی و چالاکانی مافی مرۆڤ و رێکخراوە مەدەنییەکان تا هاوینی دووهەزارو شەش و ئەو کاتەی تووشی جەڵدەی مێشک دەبێت، سەرۆکی ناوەندی نووسەرانی ئێران بوو، بەهۆی کاروچالاکیی زۆری دەبێتە هۆی بێزاریی زۆری دەسەڵاتداریتی ئێران و دەکەوێتە ژێر چاودێریی دەزگا سیخوڕییەکانی دەوڵەتەوە. لە ساڵانی نەوەدەکاندا لیستێک ئاشکرا دەبێت کە ناوی چەند نووسەرو کەسایەتییەکی دیاری تێدایە و بەپێی فەرمانەکە دەبێت تیرۆر بکرێن، یەکێک لەو کەسانە عەلی ئەشرەف دەروێشیانە. پاش شەهیدکردنی شاعیر و رەخنەگر محەممەد موختاری و کۆمەڵناس و وەرگێڕی دیار محەممەد جەعفەر پویندە و چەند نووسەرو رۆژنامەنووسی دیکە، ژیانی دەروێشیان دەکەوێتە بەر هەڕەشەی راستەوخۆ، بەڵام ئامادە نییە ئێران بەجێبهێڵێت و باوەڕی بەوە هەیە لە ناوەوەی وڵات درێژە بە خەبات بدات. دەسەڵاتدارانی ئێران هەر لە درێژەی گوشارەکانیاندا بۆ سەر دەروێشیان، بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی لەو ساڵانەی دواییدا قەدەغە دەکەن. بەڵام سەرەڕای نەخۆشیی درێژخایەن و باری ئابووریی زۆر خراپی، بەردەوام بوو لە کاروچالاکییەکانی و سەفەری بەردەوام بۆ شارەکانی ئێران و دەرەوەی وڵات.

## 6

### دەروێشیان و کوردبوون

لە ماوەی بیست ساڵ ناسین و هاوڕێیەتی نزیک و هاتوچۆی بەردەوامدا بۆ ماڵەکەی و سەفەری زۆرم لەگەڵی، دەروێشیان هەمیشە شانازی بە کوردبوونی خۆیەوە کردووە و عشق و ئینتیمایەکی زۆرم تێدا بەدی دەکرد بۆ کورد. غەمگین دەبوو بە ناخۆشییەکانی نەتەوەکەی و شاد دەبوو بە شادییەکانی. ساڵی 2006 بۆ یەکەم جار هاتە باشووری کوردستان، سلێمانی و هەولێری بینی و بەشداریی فێستیڤاڵی دەیەمی گەلاوێژی کرد و دڵخۆش بوو بەو ئازادیەی لەم بەشەی کوردستاندا هەبوو. لە کاتێکدا باری تەندروستی زۆر خراپ بوو، ساڵی 2014 جارێکی دیکە بەشداریی فێستیڤاڵی گەلاوێژی کردەوە و ئەمجارەشیان هەفتەیەک لە سلێمانی مایەوە و خەڵاتی زێڕینی ئەحمەد هەردی و خەڵاتی گەورەی کوردستانی پێشکەش کرا. دەروێشیان لە گفتوگۆیەکمدا لەگەڵی گوتی کە سلێمانی شاری خەونەکانی منە و خەڵاتی گەورەی زۆرم لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی ئێراندا وەرگرتووە، بەڵام ئەم خەڵاتەی کوردستانی ئازادم لە هەموو خەڵاتەکانی دیکە لەلا خۆشەویستتر و گرنگترە.

## 7


### دەروێشیان بە نەمری گەیشت

دەروێشیان یەکەم کتێبی بەناونیشانی سەمەد بە نەمریی گەیشت، 48 ساڵ لەمەوبەر دەربارەی هاوڕێ نزیکەکەی خۆی سەمەد بێهرەنگی بڵاودەکاتەوە و بەو کتێبە وەکو نووسەر و رەخنەگر دەردەکەوێت. پاش 48 ساڵ، خۆی بە نەمریی دەگات، لە ماوە ی نزیک بە نیو سەدە نووسین و خەباتی مەدەنی و سیاسی، توانی کاریگەری لەسەر چەند نەوەیەک دابنێت و مەرگیشی جارێکی دیکە دەبێتەوە بە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتداران و دوو رۆژ بەسەر مردنیدا تێدەپەڕێت و دەسەڵاتدارانی ئێران ناهێڵن لەو گۆڕستانەی خۆی ویستبووی لەپەنای هاوڕێ ئازادیخوازەکانی: ئەحمەد شاملو، محەممەد موختاری، محەممەد جەعفەر پویندە، ئەحمەد مەحمود، هۆشەنگ گوڵشیری دا بەخاک بسپێردرێت و ناچارن لە گۆڕستانێکی دووری نێوان کەرەج و قەزویندا بەخاکی بسپێرن. دەروێشیان لە ژیانی پڕ کارو بەرهەمیدا زیاتر لە بیست کتێبی نووسی و بیست بەرگ ئەفسانەی ئێرانی کۆکردەوە و یەکێک بوو لە دیاترین نووسەرانی ئەدەبیاتی منداڵان و مێرمنداڵان و لێکۆڵەری بواری ئەفسانە و فۆلکلۆر. بەرهەمەکانی وەرگێڕدراون بۆ بیست زمان، خاوەنی خەڵاتی هلمت _همت. خەڵاتی میهرەگان، خەڵاتی هۆشەنگی گوڵشیری و خەڵاتی هەردی و چەندین خەڵاتی ترە و پاش دە ساڵ نەخۆشی و مانەوە لەسەر (عەرەبانە) بەهۆی جەڵتەی مێشکەوە، رۆژی پێنجشەممە 28/ 10 / 2017 لە تەمەنی 76 ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

**دەروێشیان باوەڕی وابوو سەرلەبەری سیستەمی پەروەردەی ئێران نادروستە و دەبێت هەڵوەشێتەوە و پەروەردەیەکی مرۆیی و ئاشتیخوازانە جێگای بگرێتەوە**



پەری کەریمی نیا




# نواندنی ناسنامەی کوردی لە مەنفا لە "وەرزی کەرکەدەن" دا

بەهۆی گۆڕانکاری لە ژیانی مۆدێرن و هەندێ هۆی دیکەی سیاسی یان کێشەی کۆمەڵایەتی، هەندێک لە زێدی خۆیان هەڵدەکەنرێن. هەرچەندە ئەوان بە جەستە لە وڵاتی خۆیان دوورکەوتوونەتەوە، بەڵام هێشتا ڕۆحیان لە وڵاتی دایکیان هەڵدەفڕێت و هێشتا ئەو هەستەیان بەرامبەر وڵات هەیە کە هاووڵاتیانی دانیشتووی ناو وڵاتەکە هەیانە. دیاسپۆرا وشەیەکی زۆر کۆنە و بە مانای گۆڕانکاری یا ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیی تاکەکان دێت کە لە نیشتمانی خۆیان هاتوونەتە دەرەوە و کۆچیان کردووە، یان لە مەنفادا دەژین. ئەم هەستە گشتییە بەڕوونی و بە جوانی لە هونەردا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە لە سینەمادا. سینەما ڕێگایەکە بۆ ئەوەی ئەم مەنفایە لە ڕێگای کامێرا و و وێنەوە وێنا بکات. بەهمەن قوبادی فیلمسازێکی کوردە کە نیشتمانی خۆی جێهێشتووە. پاش ئەوەی فیلمە بەڵگەییەکەی خۆی لە ساڵی 2008 تەواو کرد بە ناوی (کەس ئاگای لە پشیلە ئێرانییەکان نییە)، لە 2012 فیلمی وەرزی کەرکەدەنی لە تورکیا دروست کرد.

لەم وتارەدا باسی توخمەکانی ناسنامەی کوردی دەکەم کە لەم فیلمەدا وێنا کراوە. ئەم وتارە هەروەها ئاوڕ لەو خاڵانە دەداتەوە کە بەهمەن نیشتمانی خۆی لە ڕووی ڕامیاری و مێژوویی و خێزانییەوە نیشان داوە. هەروەها ئاوڕ لە پێویستبوونی فیلمی کوردی دەداتەوە و ڕەخنە لە فیلمی "چ"ی ئیبراهیم حاتەمی کیا دەگرێت کە هاتووە چەواشەکاری لە مێژوو و نواندنی نەتەوەی کورددا کردووە.

بەهمەن قوبادی، فیلمەکانی خۆی هەم لە ناوەوەی نیشتمان و هەم لە دەرەوەی کوردستان دروست کردووە. لە فیلمی (وەرزی کەرکەدەن) دا ئەکتەرگەلێکی وەکوو بێهرووز وسوقی و ئارەش لاباف کە هەردووکیان بەشێکن لە ڕەوتی دیاسپۆرا، ڕۆڵ دەگێڕن. فیلمەکە لەبارەی شاعیرێکی کوردەوەیە بەناوی ساحێل کە 30 ساڵی تەمەنی لە ڕەشچاڵەکانی کۆماری ئیسلامیدا تێپەڕ کردووە. ئەم فیلمە کە تراژیدیایەکی واقیعییە، بەسەر یەکێک لە خزمەکانی دەرهێنەر هاتووە کە ناوی سادق کەمانگەرە. شاعیر خۆشەویستێکی لەبیرنەکراوی هەیە کە ناوی مینایە و مۆنیکا بلووچی ڕۆڵەکەی گێڕاوە. ساحێل ئەو کاتەی کە لە بەندیخانە ئازاد دەبێت، بە دوای خۆشەویستەکەی دەکەوێت بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوە.

کەواتە بەهمەن فیلمێکی لەبارەی نەتەوەکەی خۆیەوە دروست کردووە. هەرچەندە کە خۆی لە مەنفا و دوور لەو زێدە دەژی، بەڵام دووری نەبووەتە هۆی ئەوەی کە لەم فیلمەدا چەمکەکانی ناسنامەی نەتەوەیی نەدۆزرێتەوە.

یەکەم ڕێگە کە قوبادی هەڵیبژاردووە بۆ ئەوەی ناسنامەی کوردی بخاتەڕوو، ئەوەیە کە ڕووە ڕامیارییەکەی باس دەکات. گەلانی ئێران چوارچێوەکانی نەتەوەییبوونی خۆیان هاوپێچی ڕەهەندەکانی ڕامیاری کردووە. یەکێک لە چەمکەکانی کۆمەڵگای دیاسپۆرای دەرەوەی

**بەهمەن فیلمێکی لەبارەی نەتەوەکەی خۆیەوە دروست کردووە. هەرچەندە کە خۆی لە مەنفا و دوور لەو زێدە دەژی، بەڵام دووری نەبووەتە هۆی ئەوەی کە لەم فیلمەدا چەمکەکانی ناسنامەی نەتەوەیی نەدۆزرێتەوە**

نیشتمان دەگەڕێتەوە بۆ ناسنامەی ڕامیاریی دیاسپۆریکیان. تاکەکان لە کۆمەڵگادا کەم و زۆر ئەو بیروباوەڕە ڕامیارییانەی کە هەیانبووە، درێژە پێدەدەن. هەرچەندە هەندێ کات بۆ بیروڕاکەشیان هەڵناستن بۆ هیچ چالاکییەکی ڕامیاری، کەچی هێشتا بیروڕاکە لە هزریاندا هەر رادەگرن.

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، دەسەڵاتداران کەسانێکیان دەویست کە بێ قسەکردن و ملکەچانە پەیڕەویی ئەمرەکان بکەن. ئەمە بۆ سەقامگیربوونی ڕامیاری پێویست بوو. ئەم پەیڕەوکردنی بێ پرسیارە، لە فیلمەکەدا کەسێکی وەک عەلی ئەکبەر ڕەزایی ڕۆڵەکەی دەگێڕێت. ئەوان هەروەها کەسانێکیان دەویست کە ببنە نموونەی ئەو کەسانەی پەیڕەوییان لە دەسەڵاتی نوێ نەدەکرد. کەواتە ساحێل و بنەماڵەکەی وێنەیەکی باش بوون بۆ ئەوەی کە خەڵکانی دیکەی پێ چاوترسێن بکرێت. ساحێل بۆ ماوەی 30 ساڵ لە بەندیدا مایەوە و بنەماڵەکەی هەڵوەشایەوە. سەرەتای شۆڕش کاتێکی باش بوو بۆ تۆڵەسەندنەوە. ساحێل دوژمن یان ڕەقیبێکی هەبوو، عەلی ئەکبەر ڕەزایی، ئەو کەسەی مینای خۆشدەویست لەکاتێکدا مینا خۆشەویست و ژنی ساحێل بوو. پێش شۆڕش ڕەزایی خزمەتکاری بنەماڵەی مینا بوو، بەڵام دوای شۆڕش بووە کەسێکی گوێڕایەڵ بۆ دەسەڵات کە حەزێکی زۆری تۆڵەسەندنەوەی تێدا هەڵگیرسابوو. ئەو دەیویست تۆڵە لە ساحێل بکاتەوە کە بە کەسێکی دژەشۆڕشی ئیسلامی لە فیلمەکەدا پیشان دەدرێت. لەڕاستیدا مەبەستی سەرەکیی ڕەزایی ئەوەیە کە ئەم دوو خۆشەویستە لە یەک بکات و ببێتە خۆشەویستی مینا. بۆ ئەوەی کە بگات بەم هیوایەی خۆی، دەستدرێژی دەکاتە سەر مینا، ئەو کاتەی کە لە بەندیدایە و پاشان پێی دەڵێت کە مێردەکەت مردووە.

فلاش باک دیسان دێتەوە بە هانای فیلمەکەوە بۆ ئەوەی کە ببێتە ئاوێنە و ئەم بیرەوەرییانەی ساحێل بە جوانی بنوێنرێت ئەو کاتەی کە لە تورکیا بەدوای مینادا وێڵە. دەرهێنەر بە بەردەوامی و بەئەنقەست فلاش باک بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی کەسایەتی و ژیانی کەسی دیاسپۆریک هەم لە ڕابردوودا ئەو کاتەی لە زێدی خۆی بوو، بنوێنێت. ئەو هەروەها ئەم تەکنیکە بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی کە توندوتیژی و ستەم و چەوسانەوەی خەڵکەکە بخاتەڕوو. دەرهێنەر تا ئەو شوێنەی کە پێی کراوە، لە قسەکردن خۆی پاراستووە و ئەرکی خستووەتە سەر شانی وێنە بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخە وێنا بکات. کامێرا بووەتە قەڵەمی فیلمەکە بۆ ئەوەی کاریگەری و قووڵیی بەسەرهاتەکان بە جوانترین شێوە بڕەنگێنێت. کامێرا هەستی شاعیرانە و شاعیربوونی ساحێلیشی هەر بەم شێوەیە نیشانداوە .

بۆ خولقاندنی مێژوو لە چاوی لێنزی کامێراوە، فیلمی وەرزی کەرکەدەن سیمبۆلی وەکوو ئەسپ و کیسەڵی بەکارهێناوە. بینەر دەتوانێت لەوە تێبگات کە ئەوە بەشێکە لە یادەوەریی ساحێل و ڕۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتی لەسەر شوناسی ئەو هەیە. ئەگەر بە شێوەیەکی دیکە ئەم قسەیە دەربڕین، ئەوەیە کە کەسایەتی دیاسپۆرێک نە لێرە دەژی نە لەوێ. ئەو لە زەمانی ئێستادا ناژی و ڕابردوو بە شێوەگەلی جیاواز هرووژمی بۆ دێنێت بۆ ئەوەی کە پێی بڵێ هیچ شوێنێک بۆ کەسانی شوێنگۆڕ نییە بۆ ئەوەی هانای بۆ ببەن یان ڕابکەن و لەوێ ئارام بگرن، چونکە ئەو کەسانە بە بەردەوامی لە بەردەم هێرشی برینە مێژووییەکاندان.

ئەسپ لەم فیلمەدا، لە فیلمی (ساتێک بۆ مەستیی ئەسپەکان- 2000) وەرگیراوە و بارینی کیسەڵەکانیش لە فیلمی (کیسەڵەکانیش دەفڕن- 2004). قوبادی سیمبۆلی ئاژەڵ بەکاردەهێنێت وەکوو چەمکێکی شوناسی مێژووی قارەمانی فیلمەکە. ساحێل خەڵکی بانەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. (ساتێک بۆ مەستیی ئەسپەکان) هەر لە بانە دروستکراوە. ئەم فیلمە لەبارەی بنەماڵەیەکە کە لەسەر سنووری ئێران- عێراق دەژین. ئەسپ وەکوو سیمبۆلی شانازی و وزەی ئەنجامدانی کاری تاقەتپڕووکێن و نواندنی تاقەت و سەبری ئەو بنەماڵەیە بەکارهاتووە. ساحێل لەگەڵ ئەسپەکە ڕووبەڕوو دەبێتەوە لە کاتێکدا بەس سەری ئەسپەکە دێتە ناو ماشێنەکەیەوە. سەر وەکوو شوێنی هەڵگرتنی زانیاری. ئەو سیمبۆلە بەس شتێکی ساکار و سانا نییە کە هەڵگری بانگکردنی ئەزموونەکانی پێشوو بێت، ئەمە وەکوو ئاوێنە هەستە هەنووکەیی و ڕاستەقینەکەی کاراکتەرەکەمان بۆ دەخاتەڕوو، قورسایی هەستێکی قووڵی سارێژنەبوو. ئەو برینە سارێژنەبووە هێشتا هەر خوێنی لێدەچۆڕێت. ئەمە ئەو خاڵەش دەگرێتەوە کە ساحێل پێویستە شانازی بەخۆیەوە بکات، چونکە بەهێزییەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت. ئەوکات کە ساحێل لە بەندیخانە بوو، بارودۆخی ناو زیندان نەبووە هۆی ئەوەی کە خۆی ون بکات و کەسایەتیی خۆی بەباشی پاراست. کەواتە هەر ئەو کەسایەتییە بەهێزەش لە مەنفادا دێت بەهانایەوە و هەر وا بە بەهێزی دەمێنێتەوە. بەکورتی وێنای ئەم ئاژەڵانە لە فیلمەکەدا بۆئەوەیە شانازی و سەربەرزیی ساحێل هەرمان بکات.

فلاشباک دیسان لە فیلمەکەدا هاتووە بۆ ئەوەی هەندێ بەسەرهات کە لە ڕابردووی کاراکتەرەکەدا ڕوویداوە، بخاتەڕوو. کاراکتەرەکە هەر کات کە پێویستی بە ڕووداوێک لە ڕابردوو بێت، دەرهێنەرەکە بەجێی ئەوەی کە لە ڕێگەی گوتن و گێڕانەوە لەزاری کاراکتەرەکەوە بیگێڕێتەوە، ئەرک دەخاتە سەر شانی فلاشباک و کامێرا. قوبادی لە فیلمەکەی پێشوویدا فلاشباک بەکارناهێنێ. سەرجەمی فیلمەکە لە هەنووکەدا ڕوودەدا. بەڵام لە وەرزی کەرکەدەندا کاراکتەر لەنێوان ڕابردوو و هەنووکەدا لە هاتوچۆیەکی بەردەوامدایە بێ ئەوەی هەست بەوە بکرێت کە هیوایەک بە داهاتوو هەیە. داهاتوو نادیار و تەمومژاوییە. ئەمە چەمکێکی تری کاراکتەری دیاسپۆریکە کە خۆی بە مێژووەوە گرێدەدات و شوناسێکی مێژوویی بۆ خۆی چێدەکات.

چەمکی دوای شوناس یان ناسنامە، شوناسی خێزانە. بنەماڵە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بە شتێکی بنەڕەتی دادەنرێت. باوک یان مێرد وەکوو سەرۆکی خێزان لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕۆڵێکی بەرچاو و گرینگی هەیە. بە بڕوای کۆمەڵگە ئەوە پیاوە کە خێزان بەڕێوەدەبات و خۆی لەبەر بنەماڵەکەی دەخاتە مەترسییەوە.

ئێدوارد سەعید دەڵێت: "کاتێک کە تۆ ماڵەوەت بەجێهێشت، لە هەر شوێنێک کۆتاییت پێ هێنا، ناتوانی بە ئاسانی لەوێ دەست بە ژیان بکەیتەوە و ببیتە شارۆمەند". شتێکی دیکەش کە لە شوێنە نوێیەکە جیاوازە، زمانە. کەواتە کەسی دیاسپۆریک ناتوانێت پێوەندی دروست بکات و لەگەڵ کەسانی دیکە بە ئاسانی ڕێکبکەوێت. جولیا کریستیڤا بەمەشەوە ناوەستێ و لایەنێکی دیکەی چەمکی تاکی دیاسپۆریکمان بۆ دەخاتەڕوو کە ئەو بە "کێشەی زمانەوانی" ناوزەدی دەکات. ئەو بڕوای وایە کاتێک تاک لە زمانی دایکی دابڕا، ئەو زمانە بێگانەیەی دیکە کە فێری دەبێت، وەکوو زمانێکی ساختە و دروستکراوی لێدێت. ئەو کەسە بە بەردەوامی بێدەنگی هەڵدەبژێرێت.

ساحێل پاش ئەوەی لە زیندان ئازاد دەکرێ، یەکەم شتێک بیری لێدەکاتەوە ئەوەیە کە بنەماڵەکەی بۆ جارێکی دیکە لەدەوری یەکدی کۆبکاتەوە.

هەرچەندە لە وڵاتی خۆی دەژی، بەڵام هێشتا بنەماڵەکەی شەرەفی ئەوە و ئەم شەرەفە پێویستی بە پاراستن هەیە. بە یارمەتیی کۆمەڵێک کەسی نهێنی، مینا دەدۆزێتەوە کە لە تورکیا دەژیت. هەرچەندە هێشتا دڵنیا نییە لەوەی کە کاردانەوەی مینا لە بەرامبەر ئەم چوونەی ئەم چییە، یان بەگشتی چۆن بیر لەم دەکاتەوە، بەڵام ملی ڕێگای تورکیای گرتەبەر. لە تورکیا هەستی بەوە نەدەکرد کە بەشێکە لەو وڵاتە. لە ئەنجامدا فیلمەکە کەمترین هەوڵ دەدا بۆ ئەوەی کە کاتێکی خۆشی ژیان لە تورکیا بۆ بینەر بخاتەڕوو. بەگشتی کاتە خۆشەکانی ساحێل تەنیا ئەو کاتانە بوو کە لەگەڵ مینا و بیرەوەرییەکانی بوو.

تورکی زمانێکی نەناسراوە بۆ ساحێل، کەواتە زمان یەکەم بەربەستە کە ناتوانێت لەگەڵ کۆمەڵگەی تورکی پێوەندی دروست بکات. بە زمانێکی ئینگلیزیی شکاو لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیە پردێک دەبەستێت. ئەم زمانە شکاوەش هەر ئەو زمانەیە کە کچی مینا و هاوڕێکەیشی بۆ قسەکردن لەگەڵ ئەم بەکاری دەهێنن. هەرچەندە ساحێل زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی قسەکردن بەکارناهێنێ و تەنیا زمانێکی تێگەیشتنە بۆ ئەو، بۆیە لە فیلمەکەدا بە بەردەوامی بێدەنگی هەڵدەبژێرێ. بێدەنگی چەکێکە بۆ دەربڕینی هەستی ناخۆش یان ڕەنگە دەربڕینی نارەزایەتی بێت بەرامبەر بە چارەنووس. حاڵەتێکی دیکەی بێدەنگی یان چەکێکی دیکەی بێدەنگی کە ساحێل دەیگرێتەبەر، ئەوەیە کە شوناس و ناسنامەی خۆی لە مەنفا دەشارێتەوە. ئەو وەکوو شۆفێرێکی تاکسیی نافەرمی دەست بە ئیش دەکات و دەبێتە شۆفێری تایبەتی کچەکەی مینا و هاوڕێیەکەی.

ساحێل لە سەرەتادا بەم ڕاستییەی نەدەزانی، کەواتە لەگەڵ کچەکەی مینادا خەوت بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە ئەمە دەکرێت کچی خۆی بێت. دوای خەوتنەکە کاتێک کە تاتۆیەکی لەسەر پشتی کچەکە بینی و ئەو تاتۆیە هەر شیعرێکی خۆی بوو، ئەمە بەتەواوی بێتاقەتی کرد. ئەم بێتاقەتییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو تووشی زینا ببوو. هەستی بە گوناه دەکرد و لە بێدەنگیدا شیوەنی کرد. ئەوە دژی ڕۆڵی باوکایەتی دەوەستێتەوە کە باوکێک بێت و لەگەڵ کچەکەی خۆی بخەوێت، یان چێژی سێکسی لە کچەکەی ببات. ئەو کاتەی کە لەگەڵ کچەکەی خەوتبوو، سیمبۆلی مێژوو لە ڕێگەی ئەسپەکەوە هاتەوە بۆ لای. ڕەنگە ئەمە هەواڵهێنەر یان نیشانەی نریکبوونەوەی ڕووداوێک بێت کە دواتر ڕەنگە ڕووبدات و مێژووی خۆی کە کێ بووە و چیی لێهاتووە، بیربخاتەوە.

ئەمە شتێکی ئاساییە بۆ کەسانێکی وەکوو ساحێل کە ژیانێکی زۆر دژواریان تێپەڕاندووە و بەشێوەی خۆڕسکانە پێویستیان بە کەسانێکە بۆ ئەوەی پرۆسەی سارێژبوونی کۆستی دەروونیی مێژوو، یان زامی دەروونیی مێژووی لەگەڵدا تێپەڕ بکات. زامێک کە وەکوو نەخۆشییەکی دەروونیی لێهاتووە و بەردەوام بەشێوەیەکی ناخۆش و کتوپڕ سەردانی دەکات و برینەکانی دەکولێنێتەوە. لە ئەنجامی ئەمەدا بینەر هەست بە دڵسۆزی بەرامبەر ساحێل دەکات و تەنانەت لە قووڵایی دڵیشەوە پێی خۆشە کە ساحێل بە دیداری مینا شادبێتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ساحێل لە سەرەتادا دەیزانی دەچێت بۆ بینینی کەسێک کە پێیان گوتووە مێردەکەت مردووە و هیچ چاوەڕوانییەکی نییە جارێکی دیکە ببینێتەوە.

مینا ساحێلی بینی، هەڵبەت بەس پشتی و شیعری خۆی، لەسەر پشتی بۆ تاتۆ کرد. نووسینی شیعرەکە یان تاتۆکە نیشانە یان سیمبۆلی یەکگرتنەوە یان بۆ لای یەک گەڕانەوەی بنەماڵەکەیە، بەڵام هەر وەکوو ئەو دەرزییەی کە شیعرەکەی پێ دەنووسرێت و ئازاری ساحێل دەدات، ئەو یەکگرتنەوەیەش بێ ئازار نابێت. ئەگەر ئەم بنەماڵەیە بیانەوێت دیسانەوە وەکوو جاری جاران پێکەوە بژین، دەبێت ئەو مافەیان هەبێت کە لە ڕاستییەکانی دەروونی یەکتر ئاگادار بن. بەڵام ئەم ڕاستییانە شیمانەی ئەوەی لێدەکرێت کە ژیانی هەتاهەتایی بە یادەوەریی پیرۆز بگەیەنێت، چونکە لە دوای زانینی هەموو ڕاستییەک، ژیان نابێتە بەهەشت، بەڵکوو ڕەنگە دوورکەوتنەوەیەکی تاهەتاییشی لێبکەوێتەوە.

پاڵەوانی فیلمەکە دوای درککردن بە ڕاستییەکان، وای بڕیار دا کە کۆتایی بهێنێت بە ژیانی خۆی وەک قوربانی و ئەکبەر وەکوو جەلاد، یان وەکوو کەسێک کە بووەتە هۆکاری ئەو ژیانە سەختە بۆ ئەو و بۆ بنەماڵەکەی. ئەمە شتێکی حاشاهەڵنەگرە کە قوربانی هیچ کات جەلادەکەی خۆی و ئەو کەسەی کە ئەشکەنجەی داوە، لەبیرناچێتەوە. دوای ئەو کوشتنە، بنەماڵەی ساحێل تورکیایان بەجێهێشت و بەرەو ژیانی باشتر بەرەو ئەورووپا بەڕێکەوتن. لە کۆتاییدا هەرچەندە دەرهێنەری دوورکەوتوو لە وڵات، بۆ خۆیشی وڵاتەکەی خۆی بە زۆرەملێ بەجێهێشتووە، هێشتا فیلمەکەی باسی ڕووداوێکی ئەو کۆمەڵگەیە دەکات. ئەمە دەتوانێت هەڵگری ئەو پەیامە بێت کە خۆیشی هێشتا بەشێکە لەو کۆمەڵگەیە. وەرزی کەرکەدەن نموونەیەکی باشە بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی بابەتی دیاسپۆریک و مەنفای تێدا ببینرێت. ساحێل پاڵەوانێکە کە وەکوو ئاوێنە شوناسی ڕامیاری و مێژوویی و بنەماڵەیی خۆی لە فیلمەکەدا ڕوون کردەوە. ئەو قوربانیی ئەشکەنجەیە لە زیندانەکانی ئێراندا. بەهۆی چالاکییەکانیەوە بنەماڵەکەی لەکیس چوو. ئەو کاتەی لە تورکیا بوو، بە فلاشباک تەواوی ڕابردووی هاتەوە بەرچاو. شوناسە مێژووییەکەی ساحێل لە ڕێگای نیشانەکانی ئەسپ و کیسەڵەوە نیشاندرا. برینە سارێژنەبووەکانی شۆڕش، هێشتاش لە ژیانی ئەمدا ماون و دەکولێنەوە. ساحێل بە ژیانی هەڵگری ئەو برینانەیە. شوناسە بنەماڵەییەکەی وەکوو مێردێک لە ڕێگای ئەوەی کە دەیویست ئەو بنەماڵەیە یەک بخاتەوە، بۆ بینەر نمایش کرا. هەرچەندە ئەو ژیانی خۆی بەخشی بە مەبەستی ئەوەی ژیانی خێزانەکەی بپارێزێت و کۆتایی بەو برینانە و بە ژیانی ئەو کەسەش بهێنێ کە بووەتە هۆی ئەو برینانە، بەڵام ئایا بە کۆتاییهێنان بە جەستەی ئازارێک، ڕۆحی ئەو ئازارەش کۆتایی دێت؟

**ساحێل پاڵەوانێکە کە وەکوو ئاوێنە شوناسی ڕامیاری و مێژوویی و بنەماڵەیی خۆی لە فیلمەکەدا ڕوون کردەوە. ئەو قوربانیی ئەشکەنجەیە لە زیندانەکانی ئێراندا**